


* عەمری کوڕی حجر پاشای کیندە داخوازی (أم أياس بنت عـوف بـن مـسلم الشيبانـي) کرد ، کاتێ وەختی گواستنەوەی هات دایکی کچەکە بە تەنیا لە گەڵ کەچەکەیدا دانیشت و چەند ئامۆژگاری‌یەکی کرد ، ئامۆژگاری‌یەکان بنەماکانی بەختەوەری ژیانی ژن و مێردایەتی و چ پێویستە لە سەر ئافرەت بەرامبەر بە مێردەکەی بیکات بە دیار خست بۆی :

**ئامۆژگاری‌یەکان بریتی بوون لە :**

**یەکەم و دووەم** : بە قەناعەت بە و بە باشی گوێڕایەڵ و فەرمانڕەوای بە .

**سێیەم و چوارەم** : نەکەی بهێڵی شتێکی ناشیرینت پێوە ببینێت ، یان بۆنی ناخۆشت لێوە بکات ، بەڵکو با خۆشترین بۆنت هەڵمژێ .

**پێنجەم و شەشەم** : ئاگاداری کاتەکانی خواردن و نوستنی بە ، چونکە برسێتی گڕ لە پیاو بەردەدات ، و تێر خەو نەبوونیش مایەی تورە بوونە .

**حەوتەم و هەشتەم** : ماڵ و سامانی بپارێزە و چاودێری منداڵەکانی بکە .

**نۆیەم و دەیەم** : سەرپێچی فەرمانی مەکە ، نهێنی ئاشکرا مەکە ، چونکە ئەگەر سەرپێچی فەرمانی بکەیت یان دڵیت شکاند ، و نهێنییت ئاشکرا کرد : ئەوا غەدر و توڕیی ئەو پارێزراو نابێ .

ئەگەر مێردەکەت غەمبار بوو نەکەی خۆت دڵخۆش و شادمان پیشان بدەیت ، وە ئەگەر دڵخۆش بوو نەکەی خۆت بە غەمبار پیشان بدەیت .

* داکێکی هاوچەرخ بەم ئامۆژگاری‌یانە ئامۆژگاری کچەکەی کرد لە کاتێکدا کە خەندە و فرمێسك تێکەڵ بە یەکتری بوو بوون و گوتی :

**کچە شیرینەکەم** : ئەوا تۆ بەرەو ژیانێکی نوێ بە ڕێ دەکەوی : ژیانێك کە جێگەی باوك و دایکتی تێدا نابێتەوە ، جێگەی خوشکەکانتی تێدا نابێتەوە ، لە بەر ئەوە تۆ دەبیتە هاوڕێ و هاوسەری پیاوێك کە نایەوێ کەسێکی تر بەشداری لە گەڵدا بکات ، با ئەو کەسەش لە خۆێن و گۆشتیشت بێت .

**کچەکەم** : تۆ ببە بەو هاوسەرەی کە مافی هاوسەرێتی خۆی بدەیتێ و بۆی ببە بە دایك لە سۆز و خۆشەویستیدا ، تۆ وابکە کە ئەو هەست بکات تۆ هەموو شتێکی ژیانی ئەوی ، ئەوەش بزانە و هەردەم لە بیرت بێت کە پیاو - جا هەر چ پیاوێك بێت - مندالێکی گەورەیە کەوا بچوکترین و کەمترین ووتەی شیرین و خۆش بەختیاری و شادی پێ دەبەخشیت .

بەو شێوەیە ڕەفتار نەکەیت کەوا هەست بکات بە هۆی شوو کردنی تۆوە لە کەس و کار و خزمیت کردووە ، چونکە ئەویش بە هەمان شێوە لە پێناو تۆدا وازی لە ماڵی دایك و باوکی هێناوە ، بەڵام ئەو جیاوازیەی نێوان تۆ و ئەو ئەوەیە کە لە نێوان پیا و ئافرەت دایە ..

ئافرەت هەردەم سۆزی بە لای دایك و باوکی و برا و خوشکەکانیدا دەجولێت ، هەروەها سۆز و بیری بە لای ئەو ماڵە دەجولێت کە تێیدا پەروەردە بووە و پێگەیوە و گەورە بووە و فێری خوێندن بووە..

بەڵام ئافرەت دەبێت خۆی لە سەر ئەم ژیانە نوێیە ڕا بهێنێت ، دەبێت ژیانی خۆی بگونجێنێت لە گەڵ ئەو پیاوەی کە بووەتە هاوسەری ژیانی و بووەتە باوك و چاودێر و سەرپەرشتیاری منداڵەکانی ... ئەمەیە دونیا نوێیەکەت.

**کچەکەم** : ئا ئەوەیە ئێستا و ئایندەت ، ئا ئەوەیە ئەو خێزانەی کە تۆ و هاوسەرەکەت بەشداری درووست کردینیتان کردووە ، بەڵام دایك و باوکت بە ڕابردوو دادەنرێن ..

**خۆشەویستەکەم** : من داوای لە بیر کردنی دایك و باوك و خوشك و براکانت ناکەم ، چونکە ئەوان هەرگیز تۆیان لە بیر ناچێت ، دایك چۆن جگەر گۆشەکەی لە بیر ئەچێتەوە ، داوات لێ دەکەم هاوسەرەکەت خۆش بوێ و بۆی بژی و لە گەڵیدا بە بەختیاری ژیان بگوزرێنە[1].

---

(١) بڕوانە کتێبی : (ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر) : (٥٥ - ٥٧) ، کە ئەمە ناوە عەرەبیەکەیەتی : " تحفة العروس أو الزواج الإسلامي السعيد) تأليف : محمود مهدي الاستانبولي.

تێبینی : پێویستە هەموو ماڵێك ئەم کتێبەی تێدا هەبێت ، چونکە بە ڕاستی کتێبێکی بێ وێنەیە لەم بابەتەدا .

وە پێویستە خوێری بەڕێزیش ئاگادار بکەمەوە لەوەی کە نووسەری ئەم کتێبە (محمود مهدي الاستانبولي) نووسەرێکی سەلەفیە و هەرگیز ڕازی نابێت بە وێنەیەی کە لە سەر بەرگی چاپە وەرگێڕاوەکەدا چاپ کراوە !!! چونکە هەندێك لە خوێنەران سەریان سوڕ دەمێنێت لەوەی کە لە سەر بەرگی کتێبێکی ئەوا زۆر گرنگ و بەرهەمی نوسەرێکی سەلەفیدا وێنەی بووك و زاوایەکی (حزبی) ! بڵاوبکرێتەوە !!! و خرابێتە ڕیزی (زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی)یەوە ، بە واتای (الفكر الإسلامي المعاصر) !!! چونکە ئەم بەرهەمە هەڵقوڵاوی (بیر و هزر و فیکر) نیە !!!